ناساندن

بێژان ماتوور

# هەڵبژاردنی زمان لای یەشار کەمال


بێژان ماتوور

یەشار کەمال:
**" هەفتەیەک خۆم سەرقاڵ بکەم، ڕۆمانێکی کوردی دەنووسم."**

لە تورکییەوە: بەکر شوانی

"تۆ کوردیت، لە بەرچی بەکوردی نانووسیت؟" چەندین جار لە شوێنی جۆراوجۆر ئەم پرسیارەم لێ کراوە. چەند سەیرە، یەکێک لەوانەی لەم ڕۆژانەدا ئەم پرسیارەی لێ کردم، یەشار کەمال بوو! وەک دەزانرێت خۆیشی یەکێکە لەو کەسانەی بەردەوام هەمان پرسیاریان ئاڕاستە دەکرێت.

چەند ساڵێک لەمەوبەر، لە میانەی کۆنفرانسێکدا بەناونیشانی "ئەستەنبوڵ.. خاڵی ئاوێتەبوونی کولتوورەکان" کە کۆنسوڵخانەی سوێد سازی کردبوو، یەشار کەمال بەهەڵوێستی هەمیشە پڕ لە جۆشی خۆیەوە گلەیی لێ کردم و گوتی: "کچی کورد، زۆر لێت  تووڕەم.. تۆ کوردیت، بۆچی شیعرەکانت بەکوردی نانووسیت؟" منیش بەڕاستی و بەمەراقێکی بەهەندەوە لە وەڵامدا لێم پرسی: "یەشار بەگ، ئەدی

ئێوە بۆچی ڕۆمانەکانی خۆتان بەکوردی نانووسن؟"

ئەو کاتە مامۆستای گەورە وەڵامی ئەم پرسیارەی منی نەدایەوە، تەنیا زەردەخەنەیەکی بۆ کردم. هەفتەی رابردوو دیسان بابەتی "بۆچی یەشار کەمال بەکوردی نانووسێت؟" کەوتەوە رۆژەڤ. دۆگان پەرەنچیک "مافناس و سیاسەتمەدار و سەرۆکی پارتی کرێکارانی تورکیا... وەرگێڕ" لە پرسەیەکدا یەشار کەمال دەبینێت و شتێکی لەم بابەتەی پێ دەڵێت: "لە هەموو شوێنێک دەڵێیت کوردم، کەچی رۆمانەکانت بەتورکی دەنووسیت. کەواتە تۆ رۆماننوسی تورکیت نەک کورد. ئەگەر مەیلیشت لێ بێت، هەر ناتوانیت بەکوردی رۆمان بنووسیت." پێ دەچێت یەشار کەمال بەم قسانە تەنگاو بووبێت، بۆیە لە وەڵامدا دەڵێت: "هەفتەیەک خۆم سەرقاڵ بکەم، رۆمانێکی کوردی دەنووسم."

زۆر گرینگە بپرسین ئایا نووسەرانی "جووت زمان"ی وەک یەشار کەمال کام زمان لە بەرچی هەڵدەبژێرن؟ ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی گشتی لە کەسانێکەوە دێت کە فریان بەسەر زمانەوە نییە و نازانن کاری ئەدەبی چییە، بۆیە وەڵامەکان بەزۆری دەکەونە قاڵبی سیاسی یاخۆ نارەزایی دەربڕینەوە و بابەتەکە بەزوویی فەرامۆش دەکرێت.

ئەگەر تەنیا لە رووی گفتوگۆی ئەدەبییەوە بۆ بابەتەکە بڕوانین، ئەو نووسەرەی خۆی وەک کورد دەناسێنێت و بەزمانی دایک نانووسێت، دەبینین نووسینەکانی بەزمانی دووەم، واتە بەتورکی، چ بۆ ئەدەب و چ بۆ کۆمەڵگە ئەزموونێکی زۆر گرینگە. پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە زۆربەی ئەدیب و نووسەرە گەورەکان، ئەوانەی زمانی دایکیان خستووەتە لاوە، هەندێک جار بەناچاری و دواتر زمانێکی تر فێربوون و بەرهەمیان پێ نووسیوە، کارەکانیان لێوان لێوە لە هەستیاری و ناسکیی بێ وێنە. کوردبوونی یەشار کەمال لەم رووەوە زۆر گرینگە. بێگومان لە دەستدانی زمانی دایک و دانانی پێوەندی لە نێوان زمان و رەوشی هەبوودا کارەساتێکە پێویستە هەموو نووسەرێک پرسەی بۆ بگێڕێت، هەر پەسەندکردنی لە دەستدانی زمانیشە کە بووە بەهۆی ئافراندنی بەرهەمی ئەدەبیی ناوازە. دەمەوێت بڵێم: لە دەستدانی زمانی دایک، بێ هیچ گومانێک ئەو زمانی دووەمە دەوڵەمەند دەکات کە نووسەر پێی دەنووسێت، چونکە ئەو پرسەیەی کە نووسەر بۆ زمانی ونبووی خۆی دەیگێڕێت، هەست و دەنگی لەدوا بەجێ دەمێنێت و ئەمەش لە قووڵاییی کارەکانیدا رەنگ دەداتەوە.

نازانم دنیای زمانی یەشار کەمال تا چ رادەیەک دەسەڵاتی بەسەر زمانی کوردیدا دەشکێت، لێشم روون نییە، وەک خۆی گوتوویەتی، داخۆ دەتوانێت رۆمانی کوردی

بنووسێت یاخۆ نا، بەڵام زۆر بەپەرۆشەوە خوازیارم لە خۆیم ببیستایە داخۆ چی دەڵێت سەبارەت بە ئەو دەنگ و هەستانەی کە لە هەستی ناسکی کوردانەی خۆیەوە بۆ ناو ئەدەبی تورکیی گواستووەتەوە؟

وەڵامی من بۆ پرسیاری "بۆچی بەکوردی نانووسیت؟"، لە رابردوودا چۆن بووە، ئێستاش هەر وایە. بەکوردی نانووسم، چونکە ئەو کوردییەی من دەیزانم، دەست نادات بۆ ئەوەی بیکەم بەبناغە بۆ نووسینی شیعری هاوچەرخ. کوردییەکی قەڵس و سنووردار دەزانم کە تەنیا بەشی راپەڕاندنی کاروباری رۆژانەم دەکات. بەواتەیەکی تر، من ناکەومە خانەی شاعیرانی "جووت زمان"ەوە. بەڵام ئەمە ئەو راستییە پەردەپۆش ناکات کە شیعرەکانی من لە قوڵایی ناخەوە پێوەندییان بەکوردبوونمەوە هەیە. بێگومان کوردبوونم لە کۆکی ئەو ئەزموونەدایە کە دنیای نووسینی منی ئافراندووە، بەڵام لەبەرئەوەی بەوشەی تورکی شیعرم بۆ دێت، بەتورکی دەنووسم، بەتورکی بیر دەکەمەوە و بەتورکیش خەون دەبینم. سەرچاوەی ئەو هێمایانەی کەرەسەی ئەدەب، بەتایبەتی کەرەسەی شیعر پێک دەهێنێت، هەمان سەرچاوەی خەونەکانە، بۆیە بەهەمان ئەو زمانەی خەونی پێ دەبینین، دەتوانین بەرهەمی ئەدەبی بئافرێنین. ئای چەندم پێ خۆشە بزانم یەشار کەمال بە چ زمانێک خەون دەبینێت!

بەبۆچوونی من، کارەکتەری نووسین، لە شوێنی لە دایکبوونمان، ئەو شوێنەی هەست دەکەین زێدی ئێمەیە و لەو ئەزموونانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە سۆنگەی سۆزمانەوە بۆ ئەو شوێنە کۆمان کردوونەتەوە. زۆر گرینگە بزانین سەرجەم ئەو دەنگانەی لە سەرەتای ژیاندا لە بیرەوەریماندا چەسپیون، گەمەکانی سەردەمی منداڵی،

> **ئەو کوردییەی من دەیزانم، دەست نادات بۆ ئەوەی بیکەم بەبناغە بۆ نووسینی شیعری هاوچەرخ**

> **سەرچاوەی ئەو هێمایانەی کەرەسەی ئەدەب، بەتایبەتی کەرەسەی شیعر پێک دەهێنێت، هەمان سەرچاوەی خەونەکانە**

لاواندنەوە، هاوار و ناڵە و تەنانەت گشت ئەو شتانەی ڕەنگ و ترسانەکانی ژیانی مرۆڤ پێک دەهێنن، بە چ زمانێک بوون؟ بەڕای من گشت ئەمانە بەسەریەکەوە وشە و ڕستەکانی هەستی ناو نووسین دەستنیشان دەکەن. نووسەر بەهەر زمانێک بنووسێت، لەبەرئەو هۆیانەی کە لەسەرەوە باسم کردن، ڕەچەڵەکی خۆی و هەستی ئەو شوێنەی لێی دەژی، لە نووسینەکانیشیدا ڕەنگ دەداتەوە. بەکورتی دەمەوێت بڵێم: ئەوەی ئەدەبی "یەشار کەمال"ی جیا کردووەتەوە و تایبەتمەندیی پێ داوە، هەستکردنیەتی بەکوردبوونی خۆی. ئەگەر یەشار کەمال خۆی بەکورد نەزانیبایە، ئەوا جنۆکەی ناو ڕۆمانەکانی، کە شتێکی دوور و نامۆ، بەڵام ئەفسووناوییە لە لای خوێنەران، لە ئاستی پێویستدا نەدەبوو، یاخۆ هەر نەدەبوو.

ئێستا با بێینە سەر ئەو ڕستەیەی کە یەشار کەمال بەنارەزایی دەربڕینەوە وەک وەڵام بۆ ڕەهەندی سیاسیی پرسیارەکە دەری دەبڕێت و دەڵێت: "هەفتەیەک خۆم سەرقاڵ بکەم، ڕۆمانێکی کوردی دەنووسم."؛ پێویستە بزانین کاری ئەدەبی دواجار هەوڵێکی مرۆڤە بۆ دۆزینەوەی خۆی لە بەرامبەر گەردووندا، بۆیە نووسەر ناچارە بەدەوروبەرەوە پێوەست بێت، کە وابوو پێداویستیی سروشت بوار بۆ هەڵبژاردن ناهێڵێتەوە، واتە کاتێک نووسەرێک دەڵێت "من دەتوانم بەم زمانە بنووسم، بەڵام ئەو زمانەی ترم لەلا پەسەندترە"، ئەمە ناکەوێتە خانەی هەڵبژاردنێکی ڕاستبینانەوە، بگرە دەکرێت بڵێین زیاتر هەڵبژاردنێکی هزرییە، چونکە ئەدەب بەگوشاری زمان خۆی دەسەپێنێت. ئەگەر نووسەرێک لە دۆخێکدا بێت بتوانێت بەزمانی دایک بنووسێت، بەڵام پێی نەنووسێت، ئەمە نیشانەیە بۆ ئەوەی دەنگی ناو ئەو زمانە لە لای وی بەشی نووسین ناکات. ئەمەش بەم واتەیە دێت؛ هەڵڕشتنی هەستی هەناو بەو زمانە، ناگاتە ئەو ئاستەی کە نووسەر خۆی ئارەزووی دەکات. با نموونەیەک لە شیعرەوە بهێنینەوە؛ شیعر، لەبەرئەوەی لە قسەی سادەوە نزیکە، بە چ وشەگەلێک بێت، ناچارە هەروا لە دایک ببێت. وەک سۆفییەکان ناڵێم "شاعیر ئامرازە"، بەڵام شاعیر نا، شیعر خۆی بڕیار دەدات بە چ زمانێک لە دایک دەبێت! ڕۆماننووسێکی وەک یەشار کەمال کە داستان دەنووسێت و وشە و ڕستە و دەربڕینەکانی وەک تاڤگە بەسەریدا دەڕێژن، من پێم وانییە بەدوای هەڵبژاردنی زمانەوە بێت بۆ تۆمارکردنی وشەکانی. زمان دوای ئەوەی ڕسکا و لە دایک بوو، ئیدی نووسەر با ئەو نووسەرە یەشار کەمالیش بێت ناتوانێت تەگەرە بخاتە بەردەم لە دایکبوونی. یەشار کەمال ئیلهامی ڕۆمانەکانی بەزمانی تورکی بۆ دێت، بۆیە هەر بەو زمانەش دەیاننووسێت. بەڵام وەک لە سەریشەوە ئاماژەم پێ دا، هیچ قسەم لەسەر ئەوە نییە هەستی خۆ بەکورد زانین لە پشت

ئەو زمانەوەیە کە ئەو رۆمانەکانی خۆی پێ دەنووسێت. پێویستیش ناکات ناسنامەی ئەدەبیمان تێکەڵ بەناسنامەی سیاسی و نەژادیمان بکەین. یەشار کەمال بەتەواوی ئەزموون و کارەکانی خۆیەوە مرۆڤێکی کوردە. تەنانەت ئەگەر رۆمانی کوردیشی پێ نەنووسرێت، کە بەشایەنی ئەوەی نازانێت هەفتەیەک کاتی بۆ تەرخان بکات، هەر کوردە. ئەرکی ئێمە ئەوەیە ئەزموونەکانی بەدەست هێنراو لە کوردبوونییەوە و هەست و دەنگەکانی وی بەتورکی بخوێنینەوە و سوپاسبژێر بین.

بێژان ماتوور:

لە ساڵی ١٩٦٨دا لە خێزانێکی کوردی عەلەویی لە گوندی مەقسودئوشاغی سەر بەقەزای پازارجیک لە پارێزگای ماراش لە دایک بووە. قۆناغی سەرەتاییی لە گوند خوێندووە. ئەو ساڵانە بووە بەبینەری ناکۆکی نێوان عەلەوی و سونەکان کە بە "کۆمەڵکوژیی ماراش" ناو دەبرێت. قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی لە غازی عەنتەب خوێندووە. دواتر کۆلێژی مافی سەر بەزانکۆی ئەنقەرەی تەواو کردووە. بەهۆی ناسنامەی کوردایەتی و ئەندامێتی لە رێکخراودا، لە ساڵانی خوێندنی زانکۆدا دادگایی کراوە، ساڵێکی لە زینداندا بەسەربردووە و دواتر ئازاد کراوە. لە ساڵی ١٩٩٦دا یەکەم دیوانی شیعری خۆی بەناوی "هەوارەکانی پڕ لە با"وە بڵاو کردەوە. ئەم دیوانە ئەگەرچی بەزمانی تورکی نووسراوە، بەڵام لە تورکیا وەک دیارترین نموونەی شیعری هەڵقوڵاو لە سۆزی کوردییەوە پەسەند کرا. پاشان هەر سێ دیوانی "با خوا پیتەکانم نەبینێت" و "لە بیابانی ئەودا" و "ئەو کوڕان بەر ئەفسوونی مانگ کەوتوو"ی بەچاپ گەیاند. دیوانەکانی وەرگێڕاونەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی. چەندین هۆنراوەشی بەزمانەکانی فارسی و عەرەبی و ئیسپانی لە رۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا بڵاو کراونەتەوە. ساڵی ٢٠٠٢ پاش بڵاوبوونەوەی دوایین دیوانی، بێژان ماتوور ماوەیەک دەستی لە شیعر هەڵگرت و دەستی کرد بەنووسینی وتار و لێکۆڵینەوە. لە نووسین و وتارەکانیدا بەزمانێکی زیاتر ئەدەبی سەرنج رادەکێشێت بۆ سەر شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد لە تورکیادا. هەندێک گرووپی توندڕەو و گۆشەگیربووی کورد و تورک نەبێت، گشت لایەن و ناوەندەکان بەبایەخەوە پێشوازی لە نووسینەکانی ئەو دەکەن. بێژان ماتوور، پاش دابڕانێکی پێنج ساڵە، دیسان

گەڕایەوە بۆ نێو جیهانی شیعر. لە ساڵی ٢٠٠٨دا پێنجەمین دیوانی خۆی بەناوی "جێهێشتنم لە لایەن ئیبراهیمەوە" بەچاپ گەیاند. وەقفی کولتوور و هونەری دیاربەکر DKSV ، کە لە مانگی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری پاردا فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کولتوور و هونەری ساز کرد، لەسەر دەستی ئەم دامەزراوە و خۆی سەرۆکایەتیی دەکات. بێژان ماتوور بۆ راپەڕاندنی کارەکانی وەقف لە نێوان هەردوو شاری ئەستەنبوڵ و دیاربەکردا، کە خۆی بەدوو شاری پڕ لە واتەیان دادەنێت، لە هاتوچۆی بەردەوامدایە.

سەرچاوە: رۆژنامەی "زەمان"ی تورکی، ٢٠٠٦/١١/٤

"بێژان ماتوور
دیوانەکانی
وەرگێڕاونەتە سەر
زمانەکانی ئینگلیزی
و ئەڵمانی و
فەرەنسی، چەندین
هۆنراوەشی
بەزمانەکانی فارسی
و عەرەبی و
ئیسپانی لە
رۆژنامە و گۆڤارە
ئەدەبییەکاندا بڵاو
کراونەتەوە"

"هەستی خۆ بەکورد
زانین لە پشت ئەو
زمانەوەیە کە یەشار
کەمال رۆمانەکانی
خۆی پێ
دەنووسێت"